بوومەلەرزەیەک ئەمڕۆ دووشەممە لە ئیستەنبول ڕوویدا و خەڵکی لە بەشی ئەوروپای ئیستەنبول هەستیان پێکرد

بوومەلەرزەیەک ئەمڕۆ دووشەممە لە ئیستەنبول ڕوویدا و خەڵکی لە بەشی ئەوروپای ئیستەنبول هەستیان پێکرد.

ناوەندی زەویناسی ئەوروپا - دەریای ناوەڕاست ڕایگەیاند کە بوومەلەرزەیەک بە پێوەری 5.0 لە ئەژئاوای تورکیا تۆمارکراوە و ڕوونیکردەوە لە قووڵایی 11 کیلۆمەتر و 32 کیلۆمەتر لە باکوری ئەژئاوای شاری بورسا کەوتۆتە کە ژمارەی دانیشتوانەکەی نزیکەی 1.4 ملیۆن کەسە.

ئاژانسی بەڕێوەبردنی کارەساتەکانی تورکیا AFAD ڕاگەیاندی بوومەلەرزەکەی بە 5.1 خەماند و ئاماژەی بۆدا کە دانیشتوانی ئیستەنبوڵ و پارێزگاکانی بورسا و کۆکەیلی و ساکاریا هەستیان پێکردووە.